# ئایا پەکەکە لەپشت تیرۆرکردنی سێ ئەندامەکەیەتی؟

**کەمال چۆمانی**

kamalchomani@gmail.com

لە تیرۆرکردنی سێ ئەندامەکەی پەکەکە لە پاریس، پەنجەی تاوان بۆ چەندین هێز درێژدەکرێت. ئەوەی جێی سەرنجە، هێزێکی توندڕەوەی ناو پەکەکە تۆمەتباردەکرێت بە تیرۆرکردنی سێ ئەندامەکەی وەک هەوڵێک بۆ شکتپێهێنانی گفتوگۆکانی ئاشتیی نێوان بەڕێز ئۆجەلان و دەوڵەتی تورکیا.

میدیای تورکیی، بە نمونە رۆژنامەی زەمانی فەتحولا گولەن، زو رایگەیاند کە باهۆز ئەردال – سەرکردەی پێشوی هێزی پاراستنی گەل و یەکێک لە قوتبە بەهێز و سەربازییەکانی ناو پەکەکە- لەپشت تیرۆرکردنەوەکەیە. ئەردۆغان و زۆرێک لە سیاسەتمەدار و رۆژنامەنوسی تورکییش پەنجەی تاوان بۆ 'ململانێ ناوخۆیی'ە هەستپێنەکراوەکانی ناو پەکەکە رادەکێشن. ئەوان پێیان وایە 'هێڵێکی توندڕەو' لەناو پەکەکە هەیە و بە گفتوگۆکانی ئاشتی رازیی نییە. بێگومان، لەوە زیاتر چاوەڕێی میدیای تورکیی و سیاسەتمەدارەکانیان ناکرێ. ئەوەی سەیرە، هەندێک راگەیاندنۆکە و رۆژنامەنوسی باشوری کوردستانن کە هەمان گوتەکانی میدیای تورکیی کاوێژدەکەن.

من هەوڵئەدەم لێرە بەکورتی باس لەوە بکەم کە بۆچی ناکرێت پەکەکە لەپشت تیرۆرکردنی سێ ئەندامەکەیەوە بێت؟ هەمو ئەو گومانانە، لەوە سەرچاوەیان گرتوە کە لە ئێستادا، پەکەکە بەسەر چەند بەرەیەک دابەشبوە. بێگومان بەرەکان هەمویان یەک سەرچاوەن بەڵام شێوازی کارکردنیان تاڕادەیەک جیاوازە.

سەرچاوەی بڕیاری پەکەکە ئەم بەرانەن: ئیمرالی، بەدەپە، ئەوروپا و قەندیل. هەر یەک لەوانە، شێوازی کارکردنیان بە جۆرێکە و هەموانیش سەرۆکایەتیی بەڕێز ئۆجەلانیان لا قبوڵە. هیچ کامێکیش لەوانە نە لە رابردودا، نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوشدا، نە توانیویانە، نە دەشتوانن لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی داڕێژراوی پەکەکە دەربچن.

ئینشیقاقی عوسمان ئۆجەلان و هاوڕێکانی، لەناو پەکەکەدا، وەک یەکێک لە خیانەتەکان تەماشای کرا. ئەگەر عوسمان ئۆجەلان برای عەبدوڵا ئۆجەلان نەبوایە، ئەوا پەکەکە لەوانەبو رێی توندتر بگرێتە بەر دژی بەو پێیەی دوای رۆییشتنی چەندینجار دژایەتیی پەکەکەی کرد و زۆرێک لە نهێنییەکان ـلەوانەیە زۆریشیان هەڵبەستراو بن- ئاشکراکرد.

با زۆر دور نەڕۆین، هەر بۆ نمونە، لە ماوەی رابردو، ژنە پارلەمانتار و سیاسەتمەداری ناسراو لەیلا زانا لەگەل ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران دانیشت. دواتر چەند لێدوانێکی دا و ئەوەی راگەیاند کە ئەردۆغان دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەربکات. ئەو هەوڵەی لەیلا زانا، لەناوخۆی پەکەکە و بەدەپە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا. هەربۆیە لەیلا زانا ئاستی جەماوەریشی لەناو کوردەکانی باکورد دابەزی. کەواتە، لادان لە پرەنسیپ و دیسیپلینی پەکەکە، زو ناووبانگ و کەسایەتیی سیاسیی هەریەکەیێک لە باکور دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیەشە هیچ سیاسەتمەدارێک تا ئێستا نەیتوانیوە لەو چوارچێوەیە لابدات کە پەکەکە دیاریکردوە.

لەبەرئەوە، کاتێک لەیلا زانا ویستی وەک لایەنی گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا دابنیشێت، زو بەرپەرچی درایەوە و هەوڵەکانی راگیران و تاڕادەیەکیش لەلایەن پەکەکەوە پەراوێزخرا، چونکە هەمو بەرەکان لەسەر ئۆجەلان کۆکن.
لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی پەکەکەوە، تورکیا بە خەیاڵی ئینشیقاق بوە لەناو ریزەکانی پەکەکە. شکستی هەمو بزوتنەوە کوردییەکانیش زیاتر ئینشیقاقی ناوخۆیی بوە، بۆیە تورکیا ئەو راستییە دەزانێت. تا ئێستا تورکیا نەیتوانیوە ئەم خەیاڵەی بێنێتەدی. لەکاتی جیابونەوەی عوسمان ئۆجەلانی برای ئۆجەلان و هاوڕێکانیشی، زو لەلایەن گەل و پەکەکەوە بە خائین دانران.

هەمو بەرەکانی پەکەکە کۆکن لەسەر ئەوەی بەڕێز ئۆجەلان لایەنی کوردی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دابنیشێت. نە ئەوروپا، نە قەندیل و نە بەدەپەش تا ئێستا بە لێدوانێکی سادەش هیچ دژایەتییەکیان رانەگەیاندوە. شکستپێهێنانی هەوڵەکانی لەیلا زانا، بەڵگەی بەهێزن بۆ ئەو قسانە. ئەگەر هەر لایەنێکی ناو پەکەکە، یان ئەوروپا و بەدەپە بیانەوێت گفتوگۆکان بوەستێنن، رێکاری دیکە هەن بگرنە بەر. ئەو رێکارانەی دی دەکرێت هیچ زیانێک لە داهاتوی خۆیان نەدات و بەڵکو وەک پاڵەوان لە گەمەکە بێنە دەرەوە.

گریمان باهۆز ئەردال دەیەوێت گفتوگۆکان شکستپێبێنێت. ئەو هەوڵی کوشتنی هیچ لە گەریلاکان و ئەندامانی پەکەکە نادات، بەڵکو دەتوانێت هێرشێکی پارتیزانیی بەهێز بۆ سەر یەکێک لە بنکە

سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا بکات یان هەوڵبدات تەقینەوەیەک لەناو ئەستەنبۆڵ یان ئەنکەرە بکات. لەوکاتدا، هێزە نەژادپەرستەکانی تورکیا –ئاکەپەش تا رادەیەک- و رای گشتیی تورکیاش دژ بە گفتوگۆکان دەوەستانەوە. ئەوکات گفتوگۆکان دەوەستان.

هەمو لێکدانەوەی ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لایەنێکی ناو پەکەکە لەپشتی تیرۆری سێ ئەندامەکەی پەکەکەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەو لایەنە بە گفتوگۆکان رازیی نییە. ئەو شیکەرەوانە بێئاگان لەوەی پەکەکە لە دیبەیتێکی قوڵ دابوە تا هەمو لایەنەکان گەیشتونەتە رێککەوتنێک بۆئەوەی هەموان رازی بن بە گفتوگۆکان.

لەڕاستیدا، پەکەکەی ئەمڕۆ، پەکەکەیەکی گەورەترە لە پەکەکەی دوێنێ. دروستکردنی بڕیاری گەورەش تێیدا، پرۆسەیەکی ئاسان نییە. پەکەکەی ئەوروپا لەڕوی ئابوریی و میدیاییەوە، بەدەپە لەڕوی جەماوەری و سیاسییەوە پشتیوانیی پەکەکەی قەندیلن. هەرسێکیشیان عەبدوڵا ئۆجەلان وەک سەرۆکی رەهای خۆیان دەبینن. پەکەکەی ئەوروپا و بەدەپەش ناوێک نین بێ پەکەکەی قەندیل.

گومانکردن لەوەی پەکەکە لەپشت تیرۆرکردنەکەوە بێت، گومانێکی دروستکراوی تورکییە. کاوێژکردنی ئەو گومانە لای راگەیاندنەکان و رۆژنامەنوسەکانی لای خۆمان، یان هەژاریی هەبونی زانیارییە لەسەر پەکەکە و تورکیا، یان ئەوانە کۆمەڵێکن پێشتر بڕیاریان داوە دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بن لە باکور و برا بچوک و دەهۆڵژەنی ئەردۆغان و فەتحوڵا گولەن بن.